# لەمەودوا لە کوردستان
# بەپێی سیستەمێکی نوێی یاسایی فیلم بەرهەم دەهێنرێت




فەرزین کەریم بەڕێوەبەری سینەما لە وەزارەتی رۆشنبیری ئاشکرای کرد کە لەمەودوا حکومەت سیستەمێکی نوێ پەیڕەو دەکات لەبەرهەمهێنانی فیلم بە مەبەستی پێشخستنی پیشەسازیی سینەما لە کورستان و گوتی: بێگومان بواری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لەکورستان بەپێی بەرنامەیەک کارەکانی کردووە، تا ئێستا بارودۆخەکە وای دەخواست کە حکومەت پشتگیری سینەما بکات بۆ ئەوەی فیلم و سینەمای کوردی لە دەرەوە بناسرێت بۆیەش مەرجی تایبەت دانەنرابوو لەبەردەم دەرهێنەر و بەرهەمهێنەردا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی بێ سنووری لە کەرتی سینەما کردووە هەرچەندە لە کوردستان گرفتی دیکەمان هەبووە کە پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤەوە هەبووە وەک نەبوونی ئاو و کارەبا.

دیارە ئەم پشتگیرییەش بووەتە هۆی ئەوەی فیلمە کوردییەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان بناسرێن، تەنانەت لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکان بە ئاشکرا باس لەوە کراوە کە ئێمەی کوردیش سینەمایەکی نەتەوەیی تایبەتمان هەیە بە ناوی سینەمای کورد و، لە فیستیڤاڵێکی جیهانی وەک(کان) کە هونەریترین فیستیڤاڵی جیهانە لە شوێنی پەیوەست بە مەرجەکانی وەرگرتنی فیلم لە هەڵبژاردنەکاندا بنووسرێت(زمان کورد و نەتەوە کورد) ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەرهەمی پشتگیری حکومەتی هەرێمە لە کەرتی سینەما و دابینکردنی خەرجییەکانی بەبێ بەرامبەر.

**سەبارەت بە بەردەوامی ئەم ڕێچکەیە بەڕێوەبەری سینەما گوتی:**

بە قەناعەتی تایبەتی خۆم ئەم قۆناغە کۆتایی پێکهاتووە و پێویستە لەمەودوا کۆمەڵێک مەرجی تایبەت دابنرێت بۆ ئەوەی ئەم سینەمایە ڕێڕەوێکی ڕاستەقینەی هەبێت و لەسەر بنەما و سیستەمێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دوای ئەوەی لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری و نوێنەرانی وەزارەتی دارایی چەندین کۆبوونەوەمان سازکرد بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سیستەمێکی نوێدا مامەڵە لەگەڵ فیلم دا بکەین، بۆ یەکەم جار بە پێی بارودۆخی ئێستا کۆمەڵێک گرێبەستمان بەستووە لەگەڵ دەرهێنەر کە تێیدا پێویستە دەرهێنەر بەپێی یاسا و مەرجەکانی تایبەت بە پرۆژەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کارەکانی خۆی تەواو بکات، هەروەها ئەگەر پابەند نەبێت بەو مەرجانەی ئیمزای لەسەرکردووە دەرهێنەرەکە دەگوردرێت ئەمەش یەکەمجارە ئەم شێوازە یاساییە پەیرەو دەکرێت، هەروەها کۆمەڵێک مەرجی تایبەت بۆ سیناریۆ دانراوە کە ئایا سیناریۆکە وەرگیراوە؟ ئایا رەزامەندی خاوەن نووسەری کتێب یان چیرۆک یان نا بۆ ئەوەی بکرێتە فیلمێکی سینەمایی؟ بەم شێوەیە سیناریۆکە دەکردرێت دوای ئەوەی بە چەند قۆناغێکی یاساییدا تێپەڕ دەبێت و، بۆ یەکەم جاریش گرێبەست لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرهەم ئیمزا دەکرێت و نوێنەری حکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی سینەما تێیدا بەشدارن ئەمەش کۆمەڵێک مەرجی تایبەت هەیە کە پرۆژەکە ئەویش گرێبەستێک ئیمزا دەکات لە قۆناغەکانی دواتر وچەند لیژنەیەکی تایبەت دادەنرێن بۆ بەدواداچوونی پرۆژەکە، چونکە ئێستاوا باوە لیژنەی راکێشانی پارە هەیە بێ ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان بێت لەمەودوا دەبێ لیژنەی راکێشانی پارە بەردەوام بە دواداچوونی هەبێت و بەڕێوەبەرایەتی سینەما ئەویش دەبێ بەکارەکانی خۆی هەستێت و بەردەوام داوای راپۆرت لە بەڕێوەبەری بەرهەم و ژمێریار بکات و بەدواداچوونی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کارەکان بێت بە شێوەیەکی مەیدانی.

**دەربارەی ئەم سیستەمە نوێیەش دەڵێ:** ئەم سیستەمە بۆ ئێستای سینەمای کوردی گونجاوە و ئەگەر بەپێی یاسای وەبەرهێنان بواری ئابوری کوردستان پتر بوژایەوە ئەوا بێگومان گۆڕانکاری بەسەردادێت، و دەشێت بیر لە بوژانەوەی زیاتری کەرتی تایبەت بکەینەوە، هەروەها ئێمە بەنیازین چەند کارێک بە هاوبەشی ئەنجام بدەین لەگەڵ لایەنی دیکە، بۆ نموونە ئێستا گەڵاڵەنامەیەکمان بە دەستەوەیە لەگەڵ وەزارەتی کلتوری ئێرانی، هەروەها رێبین عەسافی هونەرمەندی سینەماکار پرۆژەیەکی پێشکەش کردووە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی کوردی، بەڵام کۆمپانیایەکی ئەڵمانی سێ بەشی بودجەکە لە ئەستۆ دەگرێت ئەمەش بەپێی یاسا دەبێت و لەکاتی دروستبوونی هەر کێشەیەک سەبارەت بە پرۆژەکە لە هەولێر دادگای بەرایی هەولێر چارەسەری دەکات هەروەها لە ئەڵمانیاش دادگای بەرلین هەوڵی چارەسەرکردنی هەر گرفتێک دەدات ئەگەر دروستبوو، دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەم جارە بە شێوەیەکی یاسایی ورد و دروست مامەڵە لەگەڵ سینەما دەکرێت لە کوردستان کە لەگەڵ قۆناغی ئێستای کوردستان دەگونجێت و بە پێی ئەم سیستەمە نوێیە ئێستا چەندین پرۆژە بەدەستەوەیە لەوانە فکری بەرۆژی لە سەرەتای مانگی شەش دەست بە وێنەگرتنی فیلمێک دەکات دواتر جوان بامەڕنی و ئیبراهیم سەعید وزەهاوی سنجاوی دەست بە کاری چەند فیلمێک دەکەن.

